دێرین
ژمارە (3) پێنجشەممە 2006/10/5
سەرپەرشتیاری لاپەڕە: مەریوان سابیر

# بەبۆنەی دادگایکردنی سەدام و سەرانی رژێمەکەی
# ئەوەی ژەهری - ئەڵقەم - ی نەنۆشیبێ نازانێ تامی چییە



ئەحمەد رەجەب

زۆرێك لەبەئاگایانی کاروباری عێراق و کوردستان، چاك ئەو راستیە دەزانن کە رژێمی‌دیکتاتۆری بەعس، کە زیاتر لە35 ساڵ دەسەڵاتی فاشیانەی خۆی بەڕێوە برد، بەپێی نەخشەیەکی بەبەرنامەو پێشوەخت، جەنگێکی وەحشی گەرانەی لەدژی گوندو شارە کوردستانیەکان ئەنجامدا بەمەبەستی خاڵیکردنی گوندەکانی کوردستان لەسەرجەم دانیشتووەبێوەیەکان و هەروەها پاکتاوکردنی جەنگاوەرانی شۆرشگێری پێشمەرگەو بەئامانجی لەرەگ و ریشە هەڵکێشانی گیانی بەرهەڵستکاری لەکۆمەڵگای کوردستانداو ئەم پرۆسەیەشیان ناولێنا پرۆسەی ئەنفال، لێرەوە هەزارەها هاوڵاتی کوردستانیان ئاوارەو سەرگەردان کردو هەزارەها گوندو شارۆچکەی کوردستانیان بەتۆپ و تەقێنەرەوە خاپورو وێران کردو سەرچاوەو کانیاوەکانی کوردستانیان بە کۆنکرێت کوێر کردەوەو باخ و رەزی کێڵگەکانیان سووتاند، ئەم پرۆسەیە تاوانێکی درندانەبوو دەرهەق بەمرۆڤایەتی و تاوانی بەکۆمەڵ کوژو جینۆسایدە.

ئەنجامدانی ئەم تاوانە لەلایەن رژێمی دیکتاتۆریەوەو ئەنجامدانی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و هێرشکردنی سوپای بەعس بەچەکی مۆدێرنی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی و بەپاڵپشتی فرۆکەی جەنگی و پەروانەیی و تانك و تۆپ و چەکی کاولکاری و لەنێویاندا چەکی کیمیایی و گازی ژەهراوی خەردەل و پەلاماردانی وەحشی گەرانەی ئەو هێزانە بۆسەر بارەگاکانی پارت و ئەو هێزانەی کە داکۆکی لەجەماوەرو خاکی کوردستان دەکەن، بەم شێوازەش هێزی هێرش بەر بەپێی نەخشەکەیان کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە دەکەن و لەم کاتەدا وەزیری بەرگریەکەی سەدام، تاوانبار هاشم سوڵتان مژدە بەدیکتاتۆر دەداو دەڵێ هێزەکانی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، هاشم سوڵتان ئەو عەرەبە شۆڤێنیە دڵ پرلەقین و ترسنۆکەی کە سەرپەرشتی پرۆسە قێزەونەکانی ئەنفالی کردو پاش روخانی رژێم، بەترسنۆکی و تۆقیوی بینیمان و دانوستانی دەکرد بۆخۆ بەدەستەوەدانی بەهێزەکانی ئەمریکا لەساڵی 2003داو پاشان خۆی بەدەستەوە دا.

تاوانی گەورەی بەدناوی ئەنفال، بەڵگەیەکی ئاشکرای سیاسەتی لەگۆرنراوی بەعسە دەرهەق بەگەلی کورد، ئەوەی رۆژانی تاریکی ئەنفالی نەبینیبێ، نازانێ مەینەتیەکانی ئەو رۆژانە چی بووە.

پاش داگیرکردنی ناوچەی دۆڵی جافایەتی و هێرشکردنە سەر ناوچەی قەرەداخ و لێدانی شاری هەڵەبجە بەچەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی و شەهید بوونی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی مەدەنی و پاشان هێزەکانی رژێم بەرەی جەنگیان بەرفراوانتر بەئاراستەی باکوورو رۆژهەڵات و ئینجا رۆژئاواو باشوور بەئامانجی گەمارۆدانی هێزی پێشمەرگەو دانیشتوانی گوندەکان و شەهید بوونی (78) هاوڵاتی لەدانیشتوانی ناوچەی قەرەداخ و بەتایبەتی گوندی سێوسێنان بەهۆی چەکی کیمیاوی و کە زۆرێك لەبریندارەکانیش خۆیان گەیاندە نەخۆشخانەکەی حزبی شیوعی عێراق لە نزیك گوندی ئەستێڵ بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

هێزەکانی دوژمن بەردەوام بوو لەلێدانی هاوڵاتیان و خاپورکردنی گوندەکانیان بەهەموو جۆرە چەکێك، پاش کۆنترۆڵکردنی ئەو هێزانە بۆناوچەی قەرەداخ بەرەو ناوچەکانی گەرمیان رۆیشتن و لەوێش هەمان بەرنامەی نامرۆڤانەیان دووبارە کردەوەو دانیشتوانی مەدەنی ئەم گوندانە بەمەبەستی داکۆکی کردنیان لەژیان و خاك و گوندەکانیان قارەمانانە رووبەرووی هێزی تۆکمەی بەعس بوون و بەنموونە: دانیشتوانی هەردوو گوندی (تاوەشاروو، شێخ حەمید) داستانێکی قارەمانانەیان لەروو بەرووبوونەوەی هێزەکانی بەعس تۆمارکرد، رژێم درێژەیدا بەپرۆسە بەدناوەکەی و پاش هێرشکردنی بۆسەر ناوچەکانی چەمی رێزان و دەشتی کۆیەو سماقولی و بالیسان و دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی و ناوچەکانی موسڵ و دهۆك و ناوچەی بادینان رۆیشتن و هەمان پرۆسەیان ئەنجامدا .ئەم هەڵمەتەکە رژێمی خوێناوی سەدام لە دژی هاوڵاتیانی مەدەنی کوردستان ئەنجامیداو لەرێگەی ئەم پرۆسەیەوە کە جینۆسایدکردنی گەلێك بوو، بەو هۆیەوە 182 هەزار هاوڵاتی مەدەنی لە ژن و پیاوو پیرو لاوی بەرەو بیابانەکانی باشوری عێراق برد، پاشان سەرجەم ئەوە هاوڵاتیە بێتاوانانەی لەگۆری بەکۆمەڵدا زیندەبەچاڵکردو لەساڵی 2003داو پاش پرۆسەی لەگۆرنانی بەعس چەندەها گۆری بەکۆمەڵ لەناوچەکانی بیابانی رۆژئاواو باشووری عێراق و تەنانەت کوردستانیش ئاشکرابوو.

ئەرکی هەموانە ئێمەی کوردو سەرجەم گەل و نەتەوەکانی تر کار بۆ دوورخستنەوەی مەترسیەکانی دووبارەبوونەوەی ئەم پرۆسەیە بکەین، تاکە چەکیش تەنها هاوکاری و یەکگرتن و رێزگرتنە لە راو بۆچونی یەکترو قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکرێت و دوورکەوینەوە لەدروشم کە لەوانەیە مەودای نێوان ئێمەو ئەوان فراوانتر بکات.

کورد لەهەموو شوێنێك و لەکوردستان و لەوڵاتانی ئاوارە، داوا لەحکومەتی عێراق دەکەن، کە بریارێکی رەسمی و تایبەت دەربکات و بەپێی ئەو بریارە دانبنێ بەتاوانەکانی ئەنفال و جینۆسایدکردن دژ بە گەلی کورد.

*حکومەتی عێراق بەرەسمی داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات، بەهۆی ئەو تاوانانەی کە رژێمی دیکتاتۆری ئەوکاتە وەك دەولەتی عێراق ئەنجامی داوەو حکومەتی ئێستای عێراقیش بەپێی یاسا پابەندە بە گرێبەست و بەڵگەنامە نێودەولەتییەکان کە پێشتر رژێمی سەدام ئیمزای کردووە.

*حکومەتی عێراق قەرەبووی دادوەرانەی خێزانی قوربانیانی ئەنفال و سەرجەم زیان لێکەوتوان بکات کەبەهۆی هێرشکردنە سەر گوندەکانیان بەجۆرەها چەك و لەوانەش چەکی کیمیایی و هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بۆ توشبوان بە نەخۆشی و شێواندنی دەرونی پاش ئەو رووداوە.

*سەرجەم تێوەگلاوانی ئەم قەسابخانەیە، لەبەرپرسانی سەربازیو مەدەنیو مستەشاری فەوجەکانی خەفیفە لەجاش و بەکرێگیراوانی رژێمی دیکتاتۆری، بدرێن بەدادگاو ناکرێ دادگایی کردنەکەش لەسەدام و هەندێ لەسەرانی تاوانباری بەعس قەتیس بکرێ.

# وە چ بۆ ئەنفالێ و ئەنفال بۆیان کریە؟

دکتۆر کامیران بەرواری

ئەنفال پرۆژەیەکێ فراوان و ئیستراتیژی یێ حکومەتا عیراقێ بوو، ژ بۆ نەهێلانا ژین و ژیارێ ل کوردستانێ و قەلاندنا توخمێ کورد.

ئەنفال بدرستی راستییا پروژێ شوڤینیزما عەرەبی دیار دکەت.. ئەڤ جۆرێ ئەنفالان ب هزاران سالانە ل سەر کوردان دهێتە دووبارە کرن بتایبەتی پشتی هاتنا ئیسلامێ ب ناڤێ فەرمان و بەلاڤکرنا دینی، ئەوێن دبێژنێ ڤەگرتنێن عەرەبی ئیسلامی..

راستییەك هەیە عەرەبان ئیسلامەتی ژی ژ کراسێ وێ یێ راستەقینە ئینایە دەرو بەروڤاژی راستییا وێ کریە، ژبۆ بەرژەوەندییێن خوە یێن کەسی و نەتەوەیی بکار ئینایە، ب ڤێ ناڤێ ئەڤ وەڵاتە داگیر کرینە.

مخابن، ئەنفال دهێن، ئەنفال دچن کورد عاقل نابن، هەتا ئیرۆ ئەنفال لسەر کوردان، ل هەر چوار پارچێن کوردستانێ د بەردەوامن، بێی ئەم هەست پێ بکەین..

مخابن، کورد نەشیاینە سوود ژ هەموو قەسابخانەو بوێەرێن مێژوویی وەرگرن.

مخابن، کورد نەشیاینە دوست و دوژمنان ژ هەڤدو جودا بکەن.

مخابن، کورد نەشیاینە دیروکا خۆیا خیانەتێ بگهورن و بەرخوە دانەکا ئازایانە درست بکەن و کەسایەتیا کەسێ کورد ئاڤا بکەن.

دڤیا کوردان ژ ئەنفالێ هەستی و خوێن و لاشێ وان هزاران شەهیدان دەولەتەك ئاڤا کربا سەرێ وێ چیا ئاسمانێ.

دڤیا روژا ئەنفالێ ببا رۆژەکا نیڤ نەتەوەیی و جیهانێ تەڤایا مروڤایەتیێ سەر ژ بۆ شۆر کربا..

مخابن ئەوێن کوردستان تەعریب دکر، ئەوێن ب ناڤێ جاش وموستەشاران کوردستان دسوت و وێران دکر، ئەوێن دسەنگەرا خیانەتێدا دژین و بوینە دهول قوتێن (بابێ عودەی). ئیرو ل کوردستانێ لە رێزا پێش و ل جهێ خەباتکارو تێکۆشەران کاردکەن !!!

مخابن، ئەوێن بوینە هوکار ب سەدان کەس بکەڤنە دەستێ رژێمێ و چ پلان و بەرنامە ژ بۆ وی خەلکی نەدانایین ژ جهێن بەرپرسیاریێ نەهاتنە لادان و لێپرسین د گەلدا نەهاتەکرن !!!

د ئەنجامدا هەموو تشت بەروڤاژی بوو، ئیرو خەلك دپرسن ئایا چ بو ئەنفالبویان هاتییەکرن ؟ ئەرێ ما ڤان ئەنفال بویان مافێ قەرەچەکی ژی نینە (دەفتەرەکا دولاری و 250 مترێن ئەردی) وەرگرن ؟ بتایبەتی ئەنفال بویێن دەڤەرا بەهدینان، ئەوێن چارسالان ل ژێر چادران دژین!!

گەلەك ئەم ب مخابنی ڤە دبێژین کەس نینە ل ڤان هەژارو بێ خودانان و خەباتگێران ب بیتە خودان !!

ئەوان کەسان ئەوێن ژ سالا (1975 – 1988)ێ شورشا کوردی د همبێزا خوە دا ب خودان کری، ئەو زاروك و دایك و خوشکێن بوینە هێڤیێ شۆرشا هاوچەرخ.

مخابنە بەرپرسێن مە نەشیاینە جهێ هێڤی و ئاوات و داخازێن خەلکێ کوردستانێ بن..

مخابن دڤان (18) سالێن ئەنفالێ را، دڤان (15) سالێن ئازادیێ را، ئەم نەشیاینە بەرنامەیەکێ نیشتمانی نەتەوەیی دارێژین. ئەم نەشیاینە ڤان بویەرێن خوینە لۆ بکەینە کەڤالێن زیندیو جیهانێ تێك ب هەژینین.

نەبەس ئەڤە نەهاتییە کرن و بەس، بەلکو کوردایەتی و ئەنفال و شەهیدو هەموو ماندو بونا ڤی مللەتی کەتییە دخزمەتا ئەنفالچی و هندەك تاکە کەساندا.

# ئاڵاو پەرچەکرداری شۆڤێنیستەکان

داسۆ زەندی

هەر کاتێك کوردێك لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت، ئەگەر بیەوێت لەسەر یەکێك لەپیرۆزییەکانی گەلەکەی خۆی بێتە گۆ، ئەوا هەرزوو لەلایەن شۆڤێنیستەکانی دەوروبەرمان لە عێراق، ئێران، تورکیا،...هتد بێت، دەست بەهەرەشەو گورەشە لەو گەلە دەکرێ وبەجوداخوازو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و چەندین ناوی جۆراوجۆری تر تاوانبار دەکرێ.

لەبەرامبەردا هیچ کەسێك لەجیهاندا ناتوانێت رەخنەیەکی بچوك لەنەتەوەی عەرەب و ئایینەکەیان بگرێت، کە لەهەموو لایەکەوە بەنەتەوەیی‌و نێونەتەوەیی‌و عەلمانی‌و ئاینییەکانیانەوە دوور لەهەڵسوکەوتی سەردەم و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە جیهاندا هاتونەتە ئاراوە، بەپێی یاساکانی بیابان هەرەشە لە هەموو لایەك دەکەن و بەپێی پرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلام بەلادەر و زەندیق بۆ سەر نەتەوەکەیان دادەندرێن.

ماوەیەك لەمەوبەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرێز (مەسعود بارزانی) وەك هەلوێستێکی نەتەوەییانە لەسەر ئەوەی ناکرێ ئالای رژێمی بەعس و ئەنفال و کیمیاباران لەتەك ئالای کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی هەرێم هەڵبکرێت. جارێکی تریش شۆڤێنیستانی عەرەب لەعێراق و هەموو لایەکی دونیاوە بەوانەشی کە ئێستا لە حکومەتی عێراقی فیدرال کە خۆیان بەشێکن لەو حکومەتەو رازی بوون لەسەر ئەو دەستوورەی لەلایەن زۆرینەی گەلانی عێراقەوە لەراپرسیەکەی (10/15/2005)دا بریاری لەسەر درا، کە عێراق پێکهاتووە لە دوو نەتەوەی کوردو عەرەب، لەگەڵ نەتەوەکانی .... هتد، کوردستان وەك هەرێمی فیدراڵ لە دەوڵەتی عێراق ناسێندرا.

شۆڤێنیستان وەك هەموو جارەکانی‌تر ئەو پەردە دروزنانەیان هەڵماڵی‌و کەوتنە هەرەشە لە کوردو سەرکردایەتییەکەی‌و دووبارە تاوانبار کردنەوەی کوردو بیانو پێگرتن بەتێکدەرو جیاخوازو حەلالکردنی خوێنی، ئەو کارانە تەنیا ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوەی ئەوان دەیانەوێت هەروەك چۆن لەماوەی زیاتر لە 80 ساڵی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق، بەرامبەر بەکوردو دۆزەکەی کردویانە، ئەوان پراگەورەو ئێمە خزمەتکار، ئەوان خاوەن ماڵ و ئێمە میوان، تەنانەت ئەوان لەدەولەتی نوێی عێراقدا سیستەمی فیدرالیان قبوڵ نیە، کە خۆیان و زۆربەی گەلانی عێراق بریاریان لێداوە، لەکاتێکدا ئێمە خۆمان وەك نەتەوەیەکی جیای خاوەن خاك و زمان و هەموو پێداویستیەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەشداریەکی کاریگەر لەبنیادنانەوەی ئەو عێراقە هەڵوەشاوەدا دەکەین، کە ئەوان خۆیان ئێستا رۆژانە لە ناوچەکانی ناوەراست و خواروی ئەو وڵاتە تەنیا لەسەر ناو یان مەزهەب بەدرندانەترین شێوە بەربونەتە گیانی یەکتری و ئەو کارەساتانەی لەوێ دەبیندرێن و دەبیستریێن، تەنیا لەسەدە تاریکەکانی مێژوو تۆمارکراون و مرۆڤایەتی قێزی لێدەکاتەوە، کە هەم برای نەتەوەیین و هەم برای دینی یەکترن .

بریارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەکاتێکدایە کە هەروەك چۆن لە ماددەی (12)ی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتووە (هەرێمی کوردستان ئالایەکی تایبەتی خۆی هەیەو لەتەکە ئالای کۆماری عێراقی فیدرالدا هەڵدەکرێت و دروشم و سرودی خۆی هەیەو جەژنی نەتەوایەتی نەورۆزەو ئەمەش بەیاسا رێکدەخرێت). کە ئەمە ئەوە دەخوازێت حکومەت و دەوڵەتی نوێی عێراق لەرێگەی پەرلەمانەوە ئالایەکی نوێ بۆ ئەو دەوڵەتە فیدرالیە نوێیە دانێت تا هەموو گەلانی عێراق بە کوردو عەرەب و نەتەوەکانی تر بە ئالای ولاتی بزانن.